## کۆمیتەی رەوەندی کوردلە نەرویژ دژی لە شکر کێشی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان چاوەروانی
## هەڵوێستی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان دەکەن

رەوەندی کورد لە نەرویژ بە بەشداری 18 پارتی کوردستانی ودەیان رێکخراو و کۆمەڵەی دیمکراتی دوای زنجیرەیەك کۆبونەوەی بەردەوام بۆ بە دوادا چونی تەنگژەی دروست کراوی حکومەتی تورکیا بۆ بەزاندنی سنوری هەرێمی کوردستان بە بیانوی گەران بەدوای گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان کۆمیتەی دژی لەشکر کێشی تورکیا بۆ باشوری کوردستانی پێکهێنا، لە بروسکەیەکیا ندا بۆ حکومە ت و پەرلەمانی کوردستان هاتووە:

**بەرێز سەرۆکی کۆماری عیراقی فیدراڵ**
**بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردســـــتان**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردســـتان**
**بەرێز سەرۆکی حکومەتی کوردســـتان**

لە گەل تەواوی برواییمان کە لەشکر کێشی تورکیا بۆ باشوری کوردستان بە بیانوی گەران بەدوای گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان نیازی خراپی بە دواوەیە ونەخشە بۆ کێشراوە.... دیسان دەستی ئاشتی و دیمکراتیتان توند توند دەکوشین وهیوادارین کە هە مووهە ولێکی دیموکراسی و دراوسێ دۆستیتان بخەنە گەر بۆ بە ئاشتی چارەسەرکردنی تەنگژەی هەرێمی کوردستان و تورکیا ،ئێوە نمونەی دیمکراتی و ئاشتین لە ناوچەکە ،هەوڵ بدەن دیسان منداڵی کورد بێ باوك نەبن بێ ناز نە بن ،هەوڵ بدەن گە لانی ئە م ناوچەیە ی گرفتار بە هەزار کێشەوە توشی ئاشوبی ئاژاوەو شەر نەبن ،لە رۆژ ئاوا گەلان بە ئاشتی وبەختەوەری دەژین ،ئێمەش دەتوانین بەختەوەربژین . بونی هەرێمێکی ئارام پێش کوردستان لە بەرژەوەندی تورکیایە .لە کۆتایدا پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك گلێنەی چاومان دە پاریزین. ئێمەی رەوەندی کورد هەرهەمومان چاوەرێی هەڵوێستی حکومەت وپەرلەمانی کوردستانین.

سلاو لە ئاشتی ،سلاو لە برایەتی و یەکسانی .

کۆمیتەی دژی لەسکر کێشی تورکیا
30.10.2007
نەرویژ
Komiteen.mtak@hotmail.com